# دووڕەگ
# تێگەیشتن و میتودی کارکردن

د. فازڵ جاف
(٢ - ٢)

گرینگترین فاکتۆر لە چۆنیەتی کارکردنمدا لەسەر تێکستی هەر شانۆنامەیەک، ئەوسایش و ئێستایش، خاڵی دەستپێکە. مەبەستیشم لە خاڵی دەستپێک، لە کوێوە پرۆسەی تێگەیشتن و شیکردنەوەی جیهان و ژینگەی شانۆنامەکە دەست پێدەکات.

پێم وایە ڕیژیسۆر دەبێت هەمیشە لە خۆیەوە، لە کەسایەتی و جیهانبینی خۆیەوە دەست پێبکات، دەنا بێ ئەوەی ئاگای لە خۆی بێت، دەکەوێتە داوی لاسایییکردنەوە و کۆپییکردنەوەی کەسانی دیکەوە، بەزۆریش ڕیژیسۆرانی پێش خۆی.

خاڵی دەستپێکیش بۆ ڕیژیسۆر دەبێت خۆی و خودی خۆی و دیدگەی تایبەتی خۆی بێت.

سەبارەت بە (دووڕەگ)یش هەوڵ دەدەم لە ڕوانگە و ئەزموونی خۆمەوە بچمە ناو تێکستی شانۆنامەکەوە، چونکە تێکستەکە هەر چییەک بێت و هەرچۆنێک بێت، ڕیژیسۆر هەر بە گوێرەی قەوارەی ئەزموون و ڕادەی ڕوشنبیریی خۆی لێی تیدەگات و شرۆڤەی دەکات.

ئەزموونی کەسێتی ڕیژیسۆر، هەست و بیروبۆچوون و لێکدانەوەی خۆی بۆ شانۆنامەکە و نووسەرەکەی و سەردەمەکەی، هەروەها بۆ پەیام و مەبەستی نووسەریش گەلێک گرینگە، چونکە پاشتر هەر ئەوانەن کە لە نمایشەکەدا بەرجەستە دەبن و بینەران دەیبینن. لەم پرۆسەیەشدا ڕیژیسۆر باشتر وایە، تەنیا گوێ لە دەنگی ناوەوەی خۆی بگرێت، دوای ئەو دەنگە بکەوێت کە تەنیا دەنگی کەسێتی خۆیەتی، نەک دوای دەنگی کەسێکی تر، یان کەسانی تر بکەوێت، ئەگەر وا نەکات، تایبەتمەندێتی خۆی لە دەست دەدات، ئەگەر وا نەکات ناتوانێ هیچ داهێنانێک بکات، لەوەیش خراپتر بەبێ ئەوەی بە خۆی بزانێت دەکەوێتە ناو داوی کۆپی کردن و لاساییکردنەوەوە.



**عالیە محەمەدئەمین**

دەرهێنەرە جیاهەڵکەوتووەکان، هەرچەندە لە چەمکەکانی دیدگە و تیۆروانین و ئیستێتیکا و میتود و تەکنیکدا جیاوازن، بەڵام لەوەی کە هەر یەک دەبێت بەدوای تایبەتمەندێتی خۆیدا بگەڕێت کۆک و هاوڕان. هەر بۆ نموونە دوو شانۆکاری جیاواز و دژ بە یەکی وەک مییرهولد و دانچێنکۆ لەم دیدگەیەدا، هەر کەسەیان لەلای خۆیەوە، کۆکن و یەک بۆچوونیان هەیە.

دانچێنکۆ دەڵێت: لەبیری خۆتی بەرەوە کە ئەو شانۆنامەیە پێشتر نمایش کراوە، دەبێت لە تێگەیشتنی تایبەتی خۆتەوە دەست پێبکەیت، هەر ئەوەندەت زانی، پەی بە وردەکاریگەلێکی ئەوتۆ دەبەیت، کە ڕێژبسۆرانی پێش تۆ تەواو لێی غافڵ بوون.

زۆرینەی ئەو کەسانەی شانۆنامەی (دووڕەگ)یان ڕووکەشانە، یان سەرپێیانە دەخوێنندەوە، پێیان وابوو شانۆنامەکە تەنیا شانۆنامەیەکی سیاسییە و بەرگری لە مافی خوراوی ڕەشپێستەکان دەکات، یان شانۆنامەکە نموونەیەکی باشی ئەدەبی دژ بە سیاسەتی ڕەگەزپەرستییە لە ئەمریکای ئەو سەردەمەدا. وا بزانم هەر ئەم بۆچوونە ڕووکەشە بوو کە وای کرد، پاش هەڵبژاردنی شانۆنامەکە و وەرگێڕان و مۆڵەت پێدانی، دەرهێنەرەکەی لێی پاشگەز ببێتەوە.

بێ گومان کەس نکوڵی لەوە ناکات کە شانۆنامەکە ئەو دوو لایەنەی لەخۆ گرتووە، بەڵام ڕاستییەکەی شانۆنامەکە لەوەیش قووڵترە، خۆ ئەگەر بەوردی نەخوێنرێتەوە، دەکرێت یەکسەر لە خانەی شانۆی سیاسی سەر بە ئەدەبی پڕوپاگەندە و هاندان پۆلێن بکرێت.

## خوێندنەوەم بۆ دووڕەگ

دیدی من بۆ شانۆنامەی دووڕەگ دیدێکی بوونگەرایانە بوو، دیدێک کە جەختی لەسەر کێشەی تاک دەکردەوە، کێشەی ڕاستەقینەی هەر سێ پاڵەوانە سەرەکییەکە کێشەیەکی وجوودیانەیە، پێوەندی بە تاکایەتی هەر یەکێکیانەوە هەیە دایک، کوڕ، باوک.

ڕاستە هۆکاری سەرەکی کێشەکان، لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە، سیاسەتی جیاوازیکردن و ڕەگەزپەرستییە، بەڵام لێرەدا مافی تاک لە ئازادی و چارەنووس، لە بەرپرسیارێتی و هەڵوێست، بابەتی سەرەکی شانۆنامەکەیە.

خوێندنەوەی من بۆ شانۆنامەکە خوێندنەوەیەکی سیاسی نەبوو، دیسانەوە دەڵێم سیاسەت تێیدا گرینگە، بەڵام هێڵە سەرەکییەکانی وەک کێشەی ڕەنگ، کێشەی سپییەکان و ڕەشەکان، پێوەندی ستەمکار بە ستەم لێکراو، ئاغا بە کۆیلەوە، هەموو ئەمانە بنەمای کێشە و ململانێیە بنەڕەتییەکانن، ئەم کێشەیە کێشەی نێوان کۆیلە و ئاغاکەی لە شانۆدا، هەر لە کلاسیکەوە تا شانۆنامەی چاوەڕوانی گۆدۆی بێکیت دووپات دەبنەوە. لە (دووڕەگ)یشدا بە شێوەیەکی گەلێک قووڵ و زەق دووپات دەبێتەوە، بەڵام لە چوارچێوەی سیاسەتی ڕەگەزپەرستیدا کە بەبێ ویست و ئارەزووی خۆیان بەسەر کەسەکاندا زاڵ دەکەن.

کۆڵۆنێل تۆماس نوردوود حاشا لە ڕۆبێرتی کوڕی خۆی دەکات، نەبادا سپییەکان بزانن باوکی کوڕێکی دووڕەگە، ئەمە خۆی لە خۆیدا کێشەیەکی ئینسانی قووڵە، چونکە باوک لێرەدا ناچارە دەست لە جگەرگۆشەی خۆی هەڵگرێت و حاشای لێ بکات، نەک لەبەر ئەوەی کۆڵۆنێل کەسێکی ڕەگەزپەرستە، نەخێر، بەڵکو لەبەر ئەوەی کۆمەڵگە و یاسا ڕێگەی پێ نادەن باوکی منداڵێکی ڕەشپێست بێت، خۆیشی بەو ئەندازەیە بوێر نییە کە لەو ڕێسایە یاخی بێت.

هەوڵم دا ئەم دیدە بوونگەرایە بۆ یەکەم جار لە (پردی ئارتا)دا بەرجەستە بکەم، ئەم هەنگاوەیش بۆ ئەو کاتی نێوەندی ڕۆشنبیریی سلێمانی، کە کۆمەڵێک بەناو نیمچە مارکسیست، کە لە بنەڕەتدا تەنیا خاوەنی پاشخانێکی شکستخواردووی سیاسی بوون، وەک بڤە

وابوو، مارکسیستەکانی ئەو سەردەمە هەوڵیان دەدا لە ڕێگەی تیرۆری فیکرەوە، بە بەخاینکردن و تۆمەتبارکردن، هەموو داهێنانەکانی کەسانی دەرەوەی جوغز و بازنەی بیری تەسکی خۆیان، بە هونەر و ئەدەبی سەر بە ئیمپریالیزم لە قەڵەم بدەن.

دووڕەگ دوابەدوای پردی ئارتا هات، کە چ لە ڕووی فیکری، چ لە ڕووی هونەرییەوە گەلێک گفتوگۆ و بۆچوونی جیاجیای لێکەوتەوە، ئەمەش بۆ یەکەم جاربوو لە شانۆی کوردیدا شانۆنامەیەک ئەوەندە قسەی لەسەر بکرێت، ئەوەندەیشی لەسەر بنووسرێت، بۆیە هێشتا لە سەرەتای مەشقکردندا بووین، دەنگۆی لێکدانەوەی نێگەتیڤ بۆ دووڕەگ بڵاوکرایەوە.

مارکسیستەکان خەمی ئەوەیان بوو دووڕەگیش هەمان دینامیزم لە گفتوگۆ و بیرکردنەوە بەرپا بکات، بۆیە هەر پێش نمایشەکە کەوتنە بانگەشەی ئەوەی کە ئەم شانۆنامەیە ڕاستە باس لە سیاسەتی ڕەگەزپەرستانەی دەوڵەتی ئەمریکا دەکات، بەڵام بە دیدێکی وجوودییانەی بۆرجوازیانەی ڕووخێنەرانە لێک دراوەتەوە.

دووڕەگ شانۆنامەیەکی دوو پەردەییە، لە هەموو ڕوویەکەوە لە پردی ئارتا جیاوازە، بەر لە هەموو شتێک بەو زمانە شیعرییە پڕ لە هێمایەی پردی ئارتا نەنووسراوە، زمانی دووڕەگ وەک چەقۆ ڕاستەوخۆیە، وشەکانیش نووکی چەقۆن، هەموو ڕووداوەکان لە یەک پانتایی و لە هەمان دیکۆردا ڕوو دەدەن، ئینجا لە سەرووی هەموو شتێکەوە جیهان و ژینگەیەکی ڕیالیستانە بەرجەستە دەکات، نەک وەک پردی ئارتا، کە لە پانتاییەکی فراوان و لە چەند دیمەنێکی جیاجیادا، تەواو پشت بە ئەفسانە و میتۆلۆجیا ببەستێت، بەڵام سەرەڕای ئەو یەک دیکۆرییە میزانسێنەکان بەگشتی دەهاتنە گۆڕان، ژمارەی کەسایەتییەکان، بە سەرەکی و لاوەکییەکانەوە، دەگەیشتە پازدە کەسایەتی، بێ گومان زۆریی ژمارەی کەسایەتییەکان، بەتایبەتی لە دیمەنەکانی کۆتاییدا بوارێکی باشی بۆ جووڵە و میزانسێنی دینامیک و بەجۆش خوڵقاندبوو.

لە بنەچەکدا دووڕەگ شانۆنامەیەکی ڕیالستانەی سایکۆلۆژیانەیە، کە بابەتەکەی پێوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە بارودۆخی سیاسی، بە تایبەتی سیاسەتی ڕەگەزپەرستانەوە، هەروەها بارودۆخی کۆمەڵایەتی ئەو سەردەمەوە هەبوو. کێشەی ئەو منداڵانەی دووڕەگن، کە دایکیان وەک کارەکەر لە ماڵی سپییەکاندا کاریان دەکرد، لە ئاکامدا کە منداڵیان لە پیاوی سپی دەبوو، پیاوەکەیش نەیدەتوانی بە فەرمی خۆی وەک باوکی منداڵەکە پیشان بدات، لێرەدا خەمی ئەو دایکە دەبێت چەند گەورە و سەخت بێت؟ ئەی ئەو کوڕە گەنجە کە بەرانبەر بە باوکی هەست بە خۆشەویستی دەکات؟

ئەوەی لێرەدا گرینگە ئەوەیە، کە لانگستون هیوز پەنجەی تاوان سەد لە سەد بۆ باوکەکە (کۆلۆنێل) ڕاناکێشێت، چونکە ئەو پێی وایە، باوکی ئەو کوڕە هەستی باوکییەتی و سۆزی هەیە، بەتایبەتی لە سەرەتادا، بەڵام ئەوە سیاسەتی فەرمی و دابونەریتی کۆمەڵگەیەکی ڕاسیستانەیە، کە ڕێگە بەو باوکە نادات خۆی بە باوکی منداڵێکی دووڕەگی پێست ئەسمەر بزانێت.

ئەم بیرۆکەیە، وەک ئەوەی من بۆی دەچووم، سەرچاوەی هزری مرۆڤدۆستانەی لانگستون هیوزە. ئەگەر پەی بەم هزرە نەبەین، یان چاوپۆشی لێ بکەین، ڕاستەوخۆ دەکەوینە ناو بازنەی کلێشەوە، کلێشەی شانۆنامەیەک دژ بە سیاسەتی ڕەگەزپەرستانە، ئەم هزرە بیرۆکەی سەرەکی نمایشی دووڕەگ بوو.

شانۆنامەکە تەنیا یەک کەسی دووڕەگی تێدا نییە، بگرە ڕووبەڕووی چەند کەسێکی دووڕەگ دەبینەوە. ڕۆبێرت کە پاڵەوانێکی سەرەکییە دووڕەگە، ئەوەی زۆر گرینگە ئەوەیە کە هەست و بیری کەسە دووڕەگەکان لە هەست و بیری سپییەکان و ڕەشەکان جیاوازترە، ئەوانەی کە سەد لە سەد ڕەشن، بە بێدەنگی و بە ناچاری، کۆیلەئاسا کاری خۆیان دەکەن و ڕۆژگار بەڕێ دەکەن، تەنیا دووڕەگەکان لە کرۆکی کێشەکان دەگەن، چونکە یەک ڕەگەز نین، لەلایەکەوە سپین، لەلایەکی دیکەیشەوە ڕەشن، بەڵام نە تەواو سپین، نە تەواویش ڕەشن.

زۆر جار بیر دەکەمەوە، ئەگەر هاتبا پاش ئەزموونی هەندەران و بۆ چارەکە سەدەیەک نیشتەجێبوونم لە وڵاتی سوێددا، شانۆنامەی (دووڕەگ)م دەرهێنابا، لەو بڕوایەدام قووڵتر لێی تێگەیشتبام، چونکە ئێمەی پەنابەران و کۆچبەرانیش بەهەمان شێوە، لە نێوان دوو هاووڵاتیبوون و دوو وڵاتدا خۆمان بۆ ساخ نەدەبووەوە.

کێشەی ڕۆبێرت ئەوەیە کە نە تەواو ڕەشە، نە تەواویش سپییە، وەک خۆی دەڵێت: نازانم من کامیانم! من پێم وابوو ئەگەر ڕۆبێرت کەسێکی تەواو ڕەش بوایە، هیچ کێشەیەکی نەدەبوو، شانۆنامەکەیش نەدەنووسرا، من سپیم، یان ڕەشم، وەک تێڕامانەکەی هاملێت وایە: من هەم، یان نیم!

کوڕای دایکی داوای لێ دەکات، ئاگاداری خۆی بێت،

بۆ ئەو باشتـرە خـۆی سـاخ بکاتەوە، بەڵام تەنیـا وەک ڕەشێک خۆی ساخ بکاتەوە، پێویستە وەک ڕەشێک ڕەفتـار بکات، دەنا ڕووبەڕووی ئەنجـامێکی خـراپ دەبێتەوە، لە ئاکامیشدا بەو شێوەیە کەوتەوە کە کوڕا پێشبینی دەکرد.

هەر لە سـەرەتاوە لەوە دەگـەین کـە کـەسـایەتی کۆلۆنێل(باوک) بەرانبەر بە ڕەشەکان و دووڕەگەکان بە بەراورد لەگەڵ سپییەکانی دیکە نەرمە، تا ڕادەیەکیش دادپەروەرانەیە، بەڵام سـەردانی فـرید هێگینز (عـەلی نووری) ڕەوتی ڕووداوەکان دەگۆڕێت، هێگینز کۆلۆنێل ئاگاداری دەکاتەوە، کـە ڕەفتاری نەرم و یەکسـانانەی دەبێتە هۆی دروستبوونی کێشەیەکی گەورە بۆ سەرجەم سپـییەکانی ئەو شارە، هێگینز لەم دۆخەدا نوێنەری دەنگی فـەرمی سـیاسـەتی دەوڵەتە، کـەرەسـتـە و دەستکەلای دەستی ئەویش تالبۆت(عومەر دڵپاک) و چارلی (کـەریم عـوسـمـان)ـە کـە ئەوانیش بۆ خـۆیان قوربانیی دەستی ئەو سیستەمەن.

ڕۆبێرت تاکە منداڵی دووڕەگی کۆلونێل و کوڕا نییە، سام(مستەفا قەسیم) و سالی (ئەختەر عەبدوڵڵا/ تامـان شـاکـر)یش منداڵی ئەوانن، ئەوانیش دووڕەگن، بەڵام کـەسـیـان وەک ڕۆبێـرت ئالوودەی پرسـیـاری خـۆدۆزینەوە و خـۆناسین و شـوناس نین، هەردووکـیـان دەیانەوێت خۆیان بگونجێنن، کەسیان وەک ڕۆبێرت بیر ناکەنەوە، کەسیان ناوێرێ بپرسێت: من کێم؟ ڕەشم یان سپیم؟ لەوەیش گرینگتر ئەوەیە، کەسیان وەک ئەو زات ناکـەن، کـۆلۆنێل بە باوکی خـۆی بزانێت و پێی بڵـێت بابە.

کۆڕا بە کۆلۆنێل دەڵێت: هەر لە منداڵییەوە دەیویست پێت بڵێ بابە، دەیویست بە بابە بانگت بکات، بەڵام من ڕێگەم پێ نەدەدا، کـەچی ئەو هەر بە بابە بانگی دەکردی، تۆیش کۆلۆنێل لێت دەدا.

هەر پاش سەردانەکەی هێگینز، دیالۆگی نێوان باوک و کـوڕ، واتە نێـوان کـۆلۆنێل و ڕۆبێـرت، ئەم ڕەوتە وەردەگرێت:

کـۆلۆنێل: دەمـەوێ قـسـەت لەگـەڵ بکەم، بەڵام بە شێوەیەکی ڕاست.

ڕۆبێرت: مەبەستت چییە کە دەڵێیت بە شێوەیەکی ڕاست؟

کۆلۆنێل: مەبەستم ئەوەیە قسەم لەگەڵ بکە، وەک چۆن قولەڕەشێک لەگەڵ سپییەک قسە دەکات.

ڕۆبێـرت: بەڵام من قـولەڕەش نیم، کـۆلۆنێل تۆم، من کوڕی خۆتم

کۆلۆنێل: تۆ کوڕی کوڕایت.

ڕۆبێرت: ژنان بەبێ پیاو منداڵیان نابێت.

کـۆلۆنێل: ژنانی ڕەشـپـێـست نازانن کێ باوکی منداڵەکانیانە، تۆ زۆڵێت.

ڕاستییەکەی ئەم دەنگە دەنگی ناوەوەی کۆلۆنێل نییە، ئەمە دەنگی هێگنزە.

لەم دیمەنەدا خواستم ئەوەبوو ئەم ئاخاوتنانەی کۆلۆنێل، پێش ئەوەی خـۆی قسـەکان بکات، بە دەنگی هێگنزیش بگوترایەن، بەڵام لەبەر کێشەی تەکنیک، لەو ڕۆژگارەدا زۆر بیرۆکەی لەو جۆرە ئاسان نەبوو. هەر بەم بۆنەوەیە کە باسی تەکنیک و کێشەکانی دەکەم، دەمەوێ ئاماژە بەوە بدەم، کە مامۆستا ئەنوەر قەرەداغی کاتێک کە مۆسیقا و کاریگەرییەکانی دەنگی بۆ نمایشەکە جێبەجێ دەکرد، بۆ دەنگی پێی ئەسپ ناچاربوو لە ناو بازاڕەکـانی شـاردا، دوای ئەسپ و عـەرەبانەیەک بکەوێت، تا دەنگی پێی ئەسپ تۆمار بکات.

## نواندن لە دووڕەگدا

ئەزموونی من وەک ڕیژیسۆر لە (دووڕەگ)دا ئەزموونی دەرهێنەرێکی گـەنج بوو، کـە دەبوایە بە وردی و بە ئاگاییەوە کـار لەگـەڵ ئەکـتـەرەکان بکات، بە تایبـەتی ئەکـتـەرە سـەرەکـییـەکـان، دواتریش ئەکـتـەرانی خـانەی دووەم، هەرچی ئەکـتـەرانی گـرووپەکـانی کـۆتایی شانۆنامەکە بوو، ئەوان زیاتر لە چوارچێوەی میزانسێنی گرووپ کارم لە گەڵیاندا دەکرد.

ڕۆڵی نۆرد(باوکی بێرت)- کاوەی ئەحمەد میرزا

ڕۆڵی(کۆرا) عالیە محەمەد ئەمین، دایکی ڕۆبێرت

ڕۆبێرت(کوڕی نافەرمی نۆرد) عەلی کەریم

ئەگـەر ئەرکی سـەرەکی خـۆم لە (دووڕەگ)دا چڕ بکەمەوە، دەتوانم بڵێم کە کارکردنم لەگەڵ ئەکتەردا بە شێوەیەکی پەروەردەکارانە و هونەرییانە ئەرکی سەرەکیم بوو. درۆ نییە ئەگەر بڵێم زۆربەی پرۆڤەکانمان کارکردن بوو لەسەر ئەکتەر و وردەکارییەکانی نواندن و دەربڕین، بەتایبـەتی سێ ئەکـتـەرە سـەرەکـیـیـەکـان، پاشـانیش ئەکتەرانی ڕۆڵی پلە دوو.

بەلامەوە گرینگە ئاماژە بە ڕاستییەک بدەم، کە پشکی سەرەکی کارکردنم لە پرۆسەی نواندن پیشان دەدات، ئەو ڕاسـتـیـیـەش ئەوەیە کـە هەر سێ ئەکـتـەرەکە، بە پلەی جیـاواز، ئاشنای ئەو جـۆرە ڕۆڵانە نەبوون، نەک لەبەر ئەوەی گـوایە ئەو ڕۆڵانە زۆر ئاڵۆزبن، بۆ نموونە وەک

کەسایەتییەکانی شەکسپیر، نەخێر، بەو واتەیش نا گوایە ئەو ڕۆڵانە سادە بن، بەڵام پێم وایە هەر سێ ئەکتەرەکە ئاشنای ئەو جۆرە ڕۆڵانە نەبوون، کە لەو تەرزە شانۆنامە جیهانییانەدا هەن.

کارکردن لەگەڵ ئەکتەردا لەلای من داهێنەرانەترین و پڕچێژترین ئەرکی دەرهێنەرە، ڕەنگە لەبەر ئەوەبێت کە من لە بنەچەکدا ئەکتەرم و وەک ئەکتەر دەستم پێکرد، قۆناغی یەکەمیشم لە سەرئاستی بەکالۆریۆس هەر نواندنم خوێندووە، بۆیە لە پرۆسەی دەرهێناندا کارکردنم لەگەڵ ئەکتەر بەهادارترین کارە لە پرۆسەی داهێناندا. دووڕەگ لەم ڕووەوە ئەو دەرفەتەی بۆ ڕەخساندم تا بتوانم خۆم وەک دەرهێنەرێکی ڕاهێنەر بنوێنم، بتوانم بە وردی کار لەگەڵ ئەکتەردا بکەم، هەر لەو ئەزموونەیشەوە فێربووم، کە ڕێژیسۆر دەبێت لەگەڵ ئەکتەردا ئیلهامبەخش بێت، نەک کۆنترۆڵکەر بێت.

## کاوە ئەحمەد میزرا لە ڕۆڵی کۆلۆنێلدا

هونەرمەند کاوە ئەحمەد میرزا بۆ یەکەم جاربوو ڕووبەڕووی کەسایەتییەکی بەو جۆرە تێروتەسەل و ڕۆڵێکی دوورودرێژ ببێتەوە، ئەوەیش بۆ ئەو وەک خۆی دەیگوت ئەزموونێکی نوێ بوو، ڕۆڵەکە کارکردن و ڕاهێنان و سۆراخی بەردەوامی دەخواست، ئەویش پێوەی ماندووبوو، بەڵام ماندووبوونەکەی ئەنجامێکی باشی هەبوو، بە ڕای زۆرینەی نێوەندی شانۆی ئەو سەردەمە، ئەو ڕۆڵە بۆ ئەو وەرچەرخانێک بوو، چونکە توانی لە سنووری ڕۆڵی بچووک و سادەوە دەرباز ببێت و ڕووبەڕووی ڕولێک ببێتەوە کە وزە و کاری بەردەوامی دەخواست.

## عەلی کەریم لە ڕۆڵی ڕۆبێرتدا

ڕەنگە هەمان بۆچوون سەبارەت بە ئەکتەری بەهرەمەند هونەرمەند (عەلی کەریم)یش گونجاوبێت. عەلی کەریم لە ڕۆڵی ڕۆبێرتدا، بۆ یەکەم جار بوو لەسەر شانۆ ڕۆڵێک ببینێ کە سادە و ئاسان نەبێت. دیارە توانایی و لێهاتوویی عەلی کەریم پێشتر لە چەند بەرهەمێکی درامادا بینرابوو، بینەرانی تەلەڤزیۆن ئاشنای تواناییەکانی بووبوون، هەروەها لە چەند شانۆییەکی خۆماڵیدا بەشداری کردبوو، ئەمە جگە لەوەی کە لە یەکەمین فیستیڤاڵی هونەر لە ساڵی ١٩٧٤دا خەڵاتی باشترین ئەکتەری لە نمایشی شانۆیی(تەقینەوە)دا بەدەستهێنا بوو، بەڵام دووڕەگ بۆ عەلی کەریم لەسەر ئاستی دەقێکی جیهانی ئەزموونێک بوو، لەسەر ئاستی کەسایەتییەکی تێرتر و دەوڵەمەندتر و فەرەڕەهەندتر، بۆیە بە هۆشیاری و تاقەتەوە، بە ئارەزوو و خۆشەویستییەوە، بە وردی کاری لەسەر کەسایەتییەکە دەکرد، ئەنجامی کارکردنەکەیشی، چ لە ڕووی جەستە و جووڵەوە، چ لە ڕووی دەنگەوە، لە نمایشەکاندا بە ڕوونی دەبینرا.

## عالیە محەمەد ئەمین لە ڕوڵی کۆرا

عالیە یەکێک بوو لە کچە لێهاتووەکانی شاری کەرکووکی حەفتاکان، ئەو لە سێ بواردا بەهرە و توانایی خۆی سەلماندبوو، شانۆ، وەرزش، نووسین.

لە وەرزشدا بە ئەندازەیەک توانایی خۆی سەلماندبوو، کە ئیدی لەسەر ئاستی پاڵەوانیەتی ئێراق ڕیکۆردشکێن بوو، بەڵام توانایی هونەریی عالیە وەک ئەکتەر تا ئەو ڕۆژە نموونەیەکی ناوازە و کەم وێنەبوو. یەکەم بەرکەوتنم لەگەڵ عالیەدا لە تیپی شانۆیی مەشخەڵی کەرکووک لە شانۆیی (ژیان) بوو، کە لە دەرهێنانی سەلمان فایق بوو، لەم نمایشەدا کە لە نووسین و دەرهێنانی سەلمان فایق بوو، وەک ئەکتەر ڕۆڵمان دەبینی، پاشتر ئەو لە چەند بەرهەمێکی شانۆیی دیکەی شاری کەرکووکدا بەشداری کردبوو.

پاش چەند ساڵێک کە بوو بە قوتابی لە زانکۆی سلێمانی بەردەوام نمایشەکانی تیپە شانۆییەکانی شاری سلێمانی دەبینی، لەو ساڵانەدا هاوڕێیەتیمان قووڵتر بووەوە، کە نمایشی (پردی ئارتا)ی بینی پێی گوتم: دەمەوێت لەنمایشێکدا کارت لەگەڵدا بکەم.

بۆ ڕۆڵی کۆرا لە عالیە باشترمان نەبوو، چی وەک توانایی هونەری، چی وەک کەسایەتی عالیە خۆی بۆ ڕۆڵی کۆرا. ڕۆڵی کۆرا ئەکتەرێکی دەخواست خاوەنی کەسایەتییەکی بەهێز بێت، کۆرا دایکێکە کاریزماتیکە، لە چەشنی دایک لە شانۆنامەی (شایی خوێناوی) لۆرکا، ئەم تایبەتمەندێتیانەیش لە کەسایەتی عالیەدا هەبوون.

عالیە بەپێی ئەوەی وەرزشەوانێکی لێهاتووبوو، ڕاهێنانێکی زۆری لەسەر جەستە و زەین و ئاگایی خۆی کردبوو، بۆیە لە جووڵە و دەربڕیندا تا ئەو سەردەمە ڕەنگە لە پێشی پێشەوە بووبێ، وەک دەنگ و دەمودوویش تواناییەکی باشی هەبوو.

دەبێت ئەوەیش بڵێم کە ئەزموونی عالیە وەک ئەکتەر، بەر لە دووڕەگ، لە سنووری چەند ڕۆڵێکی سادەی زادەی دەقە شانۆییە خۆماڵییەکانی کەرکووک تێ نەدەپەڕی، بۆیە نمایشکردنی ڕۆڵی کۆرا بۆ ئەو بەرەنگاربوونەوەیەکی

ئاســـان نەبوو، وزە و ڕاهێنانێکی زۆری دەویست تا بتــوانێت بەســەریدا زاڵ بێت. عــالیــە بە پێی ئەوەی وەرزشەوانێکی پیشـەمەند بوو، لە مەشق و ڕاهێناندا نەفـەسێکی درێژ و سـەبر و توانایـیـەکی باشی هەبوو، ئەوەبوو لە مەشق و پرۆڤەکاندا ماندووبوونی نەدەزانی، خۆڕاگری و دیسپلینی لە ئەندازە بەدەربوو. دیارە ڕۆڵی کـۆرا بۆ ئەو هەر زۆر تازەبوو، دەبوایە کـاری بەردەوامی لەسەر بکات، ڕاستییەکەشی کاتێکی باشی ویست تا تارادەی سەرکەوتن توانایی بەسەر ڕۆڵەکەیدا بشکێ.

ڕەنگە بەرچاوترین دەستکەوت و تایبەتمەندێتی نمایشی دووڕەگ نمایشکردنی عالیە بووبێت، وەک ئەکتەریسێک کە ڕۆڵی سەرەکی شانۆنامـەیەکی جیـهانی بینیبێت. ئەوەندەی من بزانم عالیە یەکەم کچ بوو، تا ئەو ڕۆژگارە، کـە وەک ئافـرەت ڕۆڵی سـەرەکی لە شـانۆنامــەیەکی جیـهـانیـدا بینێـبێت، ڕۆڵێک کـە هەر لە سـەرەتای نمایشەکەوە تا کۆتایی، لە هەڵچوون و کێشە و ململانێ و پێکدادانی درامیـــانەدا بوو، لەمـەیشـدا عـالیـە ڕیکۆردشکێن بوو. مایەوە بڵێم لە (دووڕەگ)دا شانۆی کوردی ئەکتـەریسێکی خاوەن توانایی قۆسـتـەوە، بەڵام بەداخەوە دواتر عالیە لە شانۆ دوور کەوتەوە، بە بیانووی ئەوەی وەک خۆی دەیگوت لەگەڵ هەموو ڕیژیسۆرێک کار ناکەم، کە ئەمە خۆی لە خۆیدا پاکانەیەکی نەگونجاوە.

**پوختەی ئەزموونم لەگەڵ ئەکتەرەکاندا**

لە دووڕەگدا یەکەم جاربوو بە شێوەیەکی چڕ و قـووڵ کــار لەگـەڵ ئەکـتـەر و ڕۆڵەکـانیــان بکەم، لەم ڕووەوە شتگەلێک دەبارەی بەڕێوەبردن و ئاراستەکردنی ئەکتەر فێربووم، لەوانە دەرهێنەر دەبێت بۆ ئەکتەر ئیلهامبەخش و ڕێنیـشـاندەر بێت، دەستی بگرێت و یارمـەتی بدات و هاوکـاری بێت، هەوڵ نەدات کـۆنتـرۆڵی بکات، بەڵام پاشـتـر بۆم دەرکـەوت کـە بەو جـۆرەی من کـارم لەگـەڵ ئەکـتـەرەکـاندا دەکـرد، کـە زۆربەی زۆری ڕیژیسـۆران دەیکەن، هەڵەیەکی کوشندەیە، ئەویش ئەوەیە کە هەرگیز تاک تاک لەگـەڵ ئەکـتـەردا کـار نەکـەم، واتە کـاتێکی تایبەت بۆ یەک ئەکتەر تەرخان نەکەم، ڕاهێنانی ئەکتەر دەبێت لەگەڵ ئەکتـەرانی دیکەدا بێت، ڕاستـە ڕیژیسـۆر لەو دۆخەدا ئەکتەرەکە دەگەیەنێتە ئەو ئاستەی کە خۆی دەیەوێت، بەڵام ئەو شـێـوە نمایشـەی ئەکـتــەر تەنیــا لاسـاییکردنەوەی ڕیژیسـۆرەکـەیە، بەتایبـەتی لە ڕووی هەڵچـــوون و داچوونەوە، بەدەر لەوە هیچ داهێـنـانێکی خودی ئەکتـەرەکەی تێدا نییە. ئەم شێـوازی کارکردنە، تەنانەت لەسەر ئاستی ئارەزوومەندانیش باش نییە.

**کێشەی دیکۆر**

خاڵێکی دیکە، یان ڕاستـتر وایە بڵێم پەندێکی دیکە کـە وەک ئەزمـــوونێک لە (دووڕەگ)ـەوە فـێــری بووم، کــێــشـــەی کــارکـــردن بوو لە چوارچێـــوەی دیکۆر و سینۆگرافیای کۆنکریت و داخراودا. دیکۆری شانۆنامەکە کە لەلایەن فازیل قەساب و سەلاح باڵابەرزەوە جێبەجێ کـرابوو، زیاتر لە سنووری جـێـبــەجـێکردنی فـەزای شانۆنامەکە بوو، لە چوارچێوەی ڕێنماییەکانی نووسەردا، دیکۆرەکە بەو شێـوەیە جێبەجێ کرا، هیچ بوارێکی بۆ پانتـایی شـاعـیـرانەی دەقـەکە نەهێشـتـبـووەوە، دیارە ئەمـەیش خەتای من و هەڵەیەکی کوشندەی خۆم بوو، کە دەبوایە نەخـشــەیەکی گــونجــاو لەگــەڵ ئەندێشـــەی ڕیژیسۆرانەم بۆ نمایشەکە پێشنیاز بکەم، بەڵام دیار بوو ئەو سەردەمە لەوە زێدەترم پێ نەدەکرا.

کێشەی سینۆگرافیای چەقبەستوو و داخراو لە ئەدەبی ڕیالیـزمـدا کـێـشـەیەکی ڕاسـتـەقـینە بۆ ڕیژیسـۆر دەخولقێنێت، ئەمەیش بەتایبەتی لەو شانۆنامانەدا بەدی دەکـرێت، کـە لە سنووری یەک ژووردا، بەزۆریش ژووری مــیــوان، نمایش دەکـرێن، پاشـتـر کـە ئاشنای شـانۆی ئەورووپایی بووم، هەر بۆ نموونە نمایشـەکـانی ئیـبـسن و ئۆنێل و مــیــللەرم بینی، بۆم دەرکــەوت کــە زۆربەی ڕیژیســـۆرانی شــانـۆی هاوچەرخ، هەوڵ دەدەن بە هەر شـێـوەیەک بێت، ئەو ژوورە کـۆنکریـتـە چەقـبـەسـتـووە بشکێنن، لە (دووڕەگ)دا هەستم بە چەقبەستوویی و بێ دینامیکیـەتی پانتاییەکە و ژوورەکە دەکرد، بەڵام هەوڵم دەدا بە میزانسێنی دینامیک و بەجۆش چارەسەری بکەم، ئەمـەیش ڕێگایەکە، بەڵام تاکە ڕێگە نییـە، پاشـتـر بۆم دەرکەوت، ئەم کێشەیە لەلای زۆر لە ڕیژیسۆرانی جیهان باس کـراوە، لەوانە ڕیژیسـۆری ئەمـریکایی بەناوبانگ (ڕۆبێـرت ئەدمۆند جـونز) کە دەڵێت: هەرگـیـز مێـز لە ناوەڕاسـتـی شـانۆدا دامـەنێ. دەشکرێت بە واڵاکـردنی پانتایی نمایش، یان لە ڕێگەی ڕووناکییەوە نمایشەکە لە چەقبەستوویی و دۆخی کۆنکریتانە دەرباز بکەیت.

نـایشــارمــەوە ئەزمــوونی ئەو ســەردەمــەم، سنووری شـــــارەزاییـم لە تەکنیـکدا هەر ئەوەندە بواری دەدام، هەرچۆنێک بێت ئەمە بۆ من وانەیەک بوو، کە پاشتر لە چەندان نمایشی دیکەدا وەک مـەرگ و کچ (دۆرفـمـان)، یاری بە ئاگر (ستـریندبێرگ)، زریان(ئۆستـرۆڤسکی) و کۆچبەران (مرۆژێک)دا سوودم لێ وەرگرت.